# کاک کاوە ئەمین، ببورە و پەلەت کرد

**ئاسۆ عەلی فەرەج**

**رۆژی 2007/3/5 رۆژنامەنووس کاوە ئەمین لە ژێر ناونیشانی(رۆژنامەی خەبات پرسیاریان کرد و وەرامەکەشیان بلاونەکردەوە)بابەتێکی نووسیوە و پەلەی کردووە لەوەی بۆچی وەلامەکەی دانەبەزیوە و هاتووە بەزمانێکی تورەوە هێرشی کردۆتە سەر من و رۆژنامەی خەبات، بەپێویستی دەزانم روونکردنەوەیەک بۆ کاک کاوە و خوێنەران بنووسم و هیوادارمیش پەلەکردن نەبێتە هۆکاری قسەی نابەجێ و دوور لە راستی.**

لە مانگی 2دا تەوەرێکم بە ناونیشانی(ستراتیژییەتیە نوێیەکەی بوش و بەرنامە ئەمنیەکەی مالیکی، تاچەند دەتوانن هێمنی و ئارامی بۆ ئێراق و سەقامگیری سیاسی بەرهەم بهێنن؟) ئامادەکرد بۆ لاپەرە 13ی رۆژنامەی خەبات، لەو تەوەرەدا چەندین نووسەر و رۆژنامەنووس بە بۆچوونەکانیان و خوێندنەوەکانیان تیشکیان خستەسەر ئەو بارودۆخەی ئێراق و دواتر بەرنامە ئەمنیەکەی مالیکی و ستراتیژییەتیەکەی بۆش، کە رۆژەڤێکی گرنگ بوو سەبارەت بە رەوشی ئەمنی و ژیانی هاوولاتیانی ئێراق و دواتر گاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان، ئەم تەوەرەش لە رێگای ئیمێلەوە ئامادەکراو پەیوەندیم بەو رۆژنامەنووس و نووسەر و رۆشنبیرانە کرد کە بەشداری تیادا بکەن، بەسوپاسەوە دەلێم زۆرێک لەو نووسەرانە هاتن بەدەم ئەم راپۆرتە و ولامەکانیان نارد، بێگومان کاک کاوە ئەمینیش وەلامەکەی ناردبوو، بەلام بەهۆی ئەوەی ناوەکەی نزیک بوو لە رۆژنامەنووس(سیروان ئەمین) لەکاتی ئامادەکردن و تایپکردنی، کە خۆم تایپم کرد، وەلامەکەی ئەو کەوتە پەراوێزەوە لە کاتی چەکمێل، چونکە(سیروان ئەمین) و(کاوە ئەمین) بەیەک کەس تێگەیشتم و ئەمەش شایەنی لێبوردنە بۆ کاک کاوە و دەبوایە بە رێگای ئیمێلەوە دوای ئەوەی وەلامەکەی بلاونەبووە نامەیەکی بۆ بناردمایە و ئاگاداری بکردمایەتەوە، من تاکو دابەزینی ئەم بابەتەی ناوبراو هیچ ئاگام لێنەبوو، دواتر برادەرانی خەبات، بەسوپاسەوە دەلێم هیچ ئاگایان لەوە نەبووە کە بەرێزتان بەشداریتان کردووە یان«نا» چونکە هەمووی خۆم سەرپەرشتیم دەکرد و ئەمەش لەکاری راگەیاندندا شتێکی ئاساییە و پێویستی بەوە نەدەکرد، بەوشێوە تورەبوونە هەستێت ئەو چەند دێرە بنووسێت. دەلێم ببورە بۆ دانەبەزاندنی وەلامەکەت و پەلەشت کرد لەوەی کە بەو جۆرە وەلامتدایەوە و بۆ زیاتریش روونکردنەوە و دامرکاندنەوەی تورەبوونی کاک کاوە، ئەم بەلگەیە دەخەمە پێش چاوی بەرێزیان، کە لە ئەنجامی ناوەکان من وەلامەکەی کاک کاوەم بیرچووبووە.

aso_ali2003@yahoo.com


13
کاروباری سیاسی
ستراتیژییەتیە نوێیەکەی بوش و بەرنامە ئەمنیەکەی مالیکی
تاچەند دەتوانن هێمنی و ئارامی بۆ ئێراق و سەقامگیری سیاسی بەرهەم بهێنن؟